# لەچکی دیلی



# لەچکی دیلی

❊❊❊

کامیل ژیر

❊❊❊

چاوەکانم: کانەکەی تۆ، زێڕی جۆری بیستوچوارە

بێ رتوش و ئاڵو واڵا، گەوهەرێکی تاک و دیارە

تا فریشتەی سادەبێ، زیاتر رەهایە خۆری گۆنات

ئەو بزەو گۆشەی نیگایەت، کاری دەستی کردگارە

با نەبێ دەف، تەپڵی بۆشی بیری نامۆی کۆنەخوازی

پێکەنینت: ئاهەنگێکە، هەڵپەڕینە، جازو تارە

ڕێنەدەی روی وەک بلورت دڕکی ریشی بێبەسەردا

گەر بڕوشێ، کارەساتە! سەرجەمی ئەم ناوە، تارە

ئەو چرای دو چاوە جوانەی ڕێنمای شەوگاری ڕێیە

دەرکەوێ، ئەستێرە مات و بێ جریوەو شەرمەزارە

گەردنی بێگەردو سافت، سایەقەی ساماڵی رونە

دو کەوانەی جوتە ئەبرۆت، پەلکەزێڕینەی بەهارە

تاڵەکانی پرچ و ئەگریجەی سروشتی و پەرچەمی خاو

با رەهابن، نەبنە بەندی سیستمێ خۆی کۆڵەوارە

نازەنینم: ڕێگەگربە، بزنە ریشەی چاخی بەردین

نەیوەرێنێ لالەزارت، تۆ گوڵی، ئەو خۆڵ و خارە

ئەم بەهاو بەهرەو خەڵاتە،بەخشش و دیاریی سروشتە

داینەپۆشیت، گوڵشەنی بەر چڵکە هەورێ، وەک دەوارە

ئەی بەڕێزم: بزنەڕیشە وەک وڵاخێ تۆی مەبەستە
تۆ مرۆڤی، بیری سەردەم لەچکی دیلیی لا گوشارە
من پەڕەی پەرتوکی دنیام خستە بەرچاو نەمدی رستێ
جۆرە بەرگێ داسەپێنێ ئێستە پەشمەو نالەبارە
فەلسەفەی ئەم ژینە وایە ئێمە دو گیانی بزورگین
چونیەکی، ڕێبازی راستە، بزنەڕیشە هێڵی خوارە
دەی فڕێیدە کۆت و زنجیر، تۆ بە ئازادی مرۆڤی
سەرنەوی بۆ باری دیلی، ئاژەڵێکی کۆڵ و بارە
ئەو ئەگەر راستگۆیە، ئەمڕۆ، کار بەئیشە نەک بەڕیشە
یا لەژێر هەر تاڵە مویەک، گورگە بۆرێ، دەسبەکارە!!

-------------